# شەونم

هۆنراوەی (68)

این چەشوری است کە در دور قمر می بینم

ئەی چ سوورڕێکی دەبینم لە گەڕانی قەمەرا
سوور دەبینم پڕە دنیا لە شەڕ و شۆر و هەرا
ڕۆژی خۆشی گەرەکە هەرکەسی دێ لەو دەورە
کەچی ئەو ڕۆژی کەدێ بۆتە خەراتر لە خەرا
کچەکان گشتی لەگەڵ دایە بە تانە و تەشەرن
کوڕەکان پاکی مەرامی دژی بابیان لەسەرا
بڕە ڕوحمێک نە برایەک بە برایێکی هەیە
تۆوی لوتفێک نە لە بابی هەیە بۆ کوڕ نە گەرا
شەربەتی گێل و نەزانان لە گوڵاو و قەندە
قووتی زانایە لە کاسەی خەم و خوێنی جگەرا
جدەوە ئەسپی ڕەسەن پشتی لە ژێر پاڵانا
کەچی هەر جێیە دەچی تەوقی تەڵا لە ملی کەرا
پەندی حافز ببیە کاکە بڕۆ چاکە بکە
چ وەک ئەو پەندە ئەمن نەمدی لە گەنجی گوهەرا

حافزی حەقیقی